# دیوارەکانی چین



ن/محەمەدی مشیر

پێشکەشە بەو کەڵە مرۆڤانەی تا دوا چرکە ساتی ژیان لە پێناوی بە مرۆبوونی من و تۆتدا تێکۆشان

روو لە هەرکونجێکی ئەم جیهانە بکەیت کۆمەڵێ (دیواری چین) ی ئەستوورو تۆکمەی تێدایە ، بۆپێت وایە هەر چینییەکان لە دیوار دروستکردندا دەست رەنگین و کارامە و پسپۆربوون، ئەگەر تا ئەم چرکەیەش وا بیردەکەیتەوە ئەوا خەیاڵت خاوە، لە شوێنی خۆتا کەمێ سەر هەڵبڕە و لە پشتی دەرگای ماڵەکەتەوە وەرە دەرێ و سەیری دوایین داهێنانی لای خۆمان بکە ، مەگەر نەتزانیوە سەردەمی ئاشکرایەتی و سارێژکردنەوەی بیرینە کۆنەکان و بیناکردنەوەیە؟! بزانە "وەستاکانی" ئێمە چەندە دەست رەنگینن ،چەندە پەرۆشی نەرووخانی دیوارەکان و ئەستورکردن و رازاندنەوەیانن ، نازانی بۆ ؟ ئای لەم دیوارە جوانانە ! باوەڕناکەی؟.. هێندە جوان وتۆکمەو رازاوەن وەکو مرۆڤێکی سادیست دەست لە ملانی شارو باڵاخانە و کوچەو شەقامەکانی دەکەن و ئاوێتەی ناخی ناخەوەیان بوون، چەتر ئاسا سێبەر بەسەر مرۆڤە کلۆڵەکانماندا دەکەن ... بۆ نەتدیوون ؟ باوەڕناکەم هێندە چاوت کزبووبێ و تا ئەو رادەیەش چاویلکە دەستکردە رەنگ تەڵخەکانی بەرچاوت رێگات نەدەن بیانبینی .. نا ، نا ، نەخێر ئەوە تۆ نیت نیرۆن ئاسا رۆمای حەزی دیوارچنەکان گڕنەدەیت و وەك نیرۆدا گۆرانی بۆ هەژارە کاڵفامەکانی مەملەکەتی هەزارو یەك شەو نەڵێیتەوە ، ئەوە تۆ نیت ئیسترۆفیسکی ئاسا وانەکانی بە سەرهاتی جەنگ و، ویستی نەبەزیوی خۆت و، سەرکەوتنی شۆڕش لە " چۆن پۆلاّمان ئاودا " نەکەیتە رۆمان ومێژوویێك لە سەروەری بەجێنەهێڵی ...ئەرێ ئەوە تۆی ساڵبا ئاسا لە نێو گێژەنگی گۆڕانە خێراکانی شاردا  بە پێنووسی گۆنای بە چواردەوری خۆتدا سووڕدەخۆیتەوەو دەسبەرداری خووە دێرین و دواکەوتووەکانی خۆت نابیت ؟!ئای کە راستە دەڵێن مێژوو دووبارە خۆی دەنوسێتەوە و تۆش وەك جاران لەم نووسینەوەیەشدا فەرامۆشدەکرێیت و بە خۆشت نازانی بۆ؟! .....

ئەرێ قەت لە خۆتت پرسیوە ئەم دیوارچنە دەست رەنگینانە بۆ هێندە عاشقی تۆ بوون ، ئەتۆ بڵێی هێندە تۆیان خۆشبووێ و هەر بۆیەشە هەمیشە لە خۆشەویستیا بە دیوار لە بەر چاوان دەتشارنەوەو دەتپارێزن ؟؟ دەڵێی وەلاّمی پرسیارەکانت لە بیرچۆتەوە و گێژو داماو خۆت دەنوێنی ؟! ... یان دەتەوێ وەبیرت

بهێنمەوە کە ساڵانێکە لە گەمەی دڵداری و ئەوینیدا راهاتووی بۆ هەمیشە عاشقە دیوار بیت و بەڵێنت داوەو لێی پەشیمان نیت ؟!.. دەهەستەوە ئەوا یاران لە ژوانگەی ئەڤینداریت چاوەڕێتن ، دەهەستەوە و روو لە ئاسۆ ؛دونیای جوانیە راسەقینەکان و دۆزینەوەی خۆت لە پشتەوەی دیوارە رەنگاو رەنگەکاندا چاوەڕێن ، دەهەستەوە و زەماوەندی نوێبوونەوەی خۆت جاڕبدە و تا هەتایە دەسحەقی شەکەتبوونی دیوارچنە پسپۆڕەکان لە دەفتەری ژمێریاریت بسڕەوە و ماندوونەبوونیان لێبکە ... دەزانی بۆ ؟!... ئەوانیش ساڵانێکە بە دەست رازاندنەوە و دروستکردنی دیوارە جوانەکان هیلاك و شەکەت و هێزلێبڕوان، بۆیە بەگەورەیی خۆت تاهەتایە پشوویان بدێ و لە مافی خانەنشینیش بێبەشیان مەکە !!